# هەڵبژاردەی شیعری نالی

# هەڵبژاردەی شیعری نالی

لێکدانەوە و ڕاڤە
یەدوڵڵا پەشابادی
ئەندامی لیژنەی زانستیی زمان و ئەدەبی کوردیی زانکۆی کوردستان

دانشگاه کردستان
University of Kurdistan
زانکۆی کوردستان

١۴٠٣

سرشناسه: پشابادی، یدالله، ۱۳۵۷ -
عنوان و نام پدیدآور: هەڵبژاردەی شیعری نالی/ لێکدانەوە و ڕاڤەی یەدوڵڵا پەشابادی.
مشخصات نشر: سنندج: دانشگاه کردستان، ۱۴۰۳.
مشخصات ظاهری: ۲۰۳ ص.
شابک: ۱-۰۹-۸۲۱۱-۶۲۲-۹۷۸
وضعیت فهرست‌نویسی: فیپا
یادداشت: زبان: کردی.
موضوع: نالی، خدر، ۱۷۹۷ - ۱۸۷۷م. -- نقد و تفسیر
موضوع: شعر کردی -- عراق -- قرن ۱۹م. -- تاریخ و نقد
Kurdish Poetry -- Iraq -- 19th century -- History and criticism
رده‌بندی کنگره: PIR۳۲۵۶
رده‌بندی دیویی: ۸فا۹/۲۱
شماره کتابشناسی ملی: ۹۷۱۷۵۴۴
اطلاعات رکورد کتابشناسی: فیپا

دانشگاه کردستان
University of Kurdistan
زانکۆی کوردستان

**هەڵبژاردەی شیعری نالی**

دوکتۆر یەدوڵڵا پەشابادی (پڕۆفیسۆری یاریدەدەری زمان و ئەدەبی کوردیی زانکۆ کوردستان)
**بابەت:** هەڵبژاردن، ڕاڤە و لێکدانەوە
**پێداچوونەوە:** نەجمەدین براخاسی (هەوار)
**ڕازاندنەوە:** ئەنوەر ناسری (ئاسۆ)
**ڕووبەرگ:** مەسعوود نیکخا
**پەخشانگا:** زانکۆی کوردستان
**شابەک:** ۱-۰۹-۸۲۱۱-۶۲۲-۹۷۸
**نۆرە و ساڵی چاپ:** یەکەم ۱۴۰۳
**ئەژمار:** ۵۰۰ دانە

---

**ناوەندی بڵاوکردنەوە:**
سنندج، بلوار پاسداران، دانشگاه کردستان
کدپستی: ۱۵۱۷۵-۶۶۱۷۷
تلفن: ۸-۳۳۶۲۴۶۰۰-۰۸۷ ☎
دفتر نشر: ۳۳۶۲۴۰۰۸-۰۸۷ ☎
www.uok.ac.ir

پێشکەشە بە ئاسانەی پیرۆزی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس
بە ئەوپەڕی خاکەساری و لە ناخی دڵمەوە!

## سپاس و پێزانین

سەرەتا پێم خۆشە یادێک بکەم لە گرۆگاڵی کوردی خوێندنەوەم: لە پلەی چوار و پێنجی سەرەتاییمدا بووم، بە هۆی ئەوەوە کە کاکەعەوڵام دیوانێکی قانعی لە ماڵا دانابوو و منیش هێدی هێدی سەرم لێدەدا. ئەوە بوو ئیتر وردەوردە کەوتمە خوێندنەوەی و زۆرێکیم ڕەوان کرد. بۆیە زۆر بەجێی دەزانم لە ناخی دڵەوە سپاسی بێبڕانەوەی بکەم.

هەروەها سپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە لە ڕێچکەی دووروودرێژی خوێندنمدا زەحمەتیان کێشاوە بۆم و تیشکیان پژاندووەتە سەر ڕێگەمدا.

سپاس بۆ مامۆستای پایەبەرز و هێژا کاک ماجد مەردۆخ ڕۆحانی کە ساڵانێکی زۆر شانازیی ئەوەی پێم بەخشیوە کە شاگرد و هاوڕێی بم و زۆر دەرسی لێوە فێر بووم. هەروەها سپاسی تایبەتی دەکەم کە ئەرکی خوێندنەوەی ئەم بەرهەمەی بە ئەستۆ گرت و لە ئاماژە و ڕێنوێنییەکانی بەهرەی زۆرم وەرگرت.

سپاس بۆ مامۆستای خۆشەویست کاک عەدنان بەرزنجی کە لە بۆچوون و بیروڕاکانی سەبارەت بەم بەرهەمە کەڵکم وەرگرت. بە یادی ئەو ڕۆژانەی لە پۆلەکانیدا قوتابی بووم و مایەی شانازیمە.

سپاس بۆ کاک نەجمەدینی براخاسی (هەوار) دەرچووی هێژای بەشی زمانی و ئەدەبی کوردی کە ئەرکی نویسیاری و هەڵەگریی ئەم بەرهەمەی بە ئەستۆ گرت و زۆر دڵسۆزانە و وردبینانە لەگەڵی خەریک بوو و چەند خاڵێکی بەنرخیشی پێشنیار کرد.

سپاس بۆ دوکتور هێمن عومەر خۆشناو پرۆفیسۆری یاریدەدەری زانکۆی سۆران و پرۆفیسۆر دوکتور عەبدولڕەحمان ئاداک لە زانکۆی مێردین و پرۆفیسۆر دوکتور فواد ڕەشید لە زانکۆی سەلاحەدین کە زانایانە و دڵنەوازانە هەر دەم وەڵامدەری پرسیارەکانم بوون.

سپاس بۆ بەڕێز دوکتور ئەسعەد شێخ ئەحمەدی مامۆستای زانکۆی کوردستان کە لە ڕاستکردنەوەی کێشی شیعرەکاندا بە وردی و سەرنجەوە زەحمەتی کێشا.

لە ناخی دڵەوە سپاس و دەسخۆشیی ئەویندارانە دەنێرم بۆ هاوژینی دلۆڤانم کە هاندەر و پاڵپشتی ڕاستەقینەم بوون.

هەروەها سپاس بۆ کاک ئەنوەر ناسری (ئاسۆ) کە لە پێناو ڕازاندنەوە و ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەدا زەحمەتی زۆری کێشا.

# پێڕست


پێش گوتە.................... ٩

پێشەکی.................... ١١

ئەدەبی کوردی .................... ١١

هەڵبژاردەی شیعری نالی .................... ١٢

شێوەی کار.................... ١٢

شیعر.................... ١٤

ئەلف) شاعیرانی دامەزرێنەر.................... ١٥

ب) شاعیرانی درێژەدەر.................... ١٥

ج) بزاڤی خەبات و ڕۆشنگەری.................... ١٥

د) شاعیرانی سۆفیگەری و ئایین.................... ١٥

ه) شاعیرانی قۆناغی سەقامگیری و بڵاوبوونەوە.................... ١٥

بەشی یەکەم: شاعیرانی دامەزرێنەر .................... ١٦

ئامانج لەم بەشە .................... ١٦

نالی (١٧٩٧-١٨٧٧) .................... ٧١

نموونە شیعر .................... ١٩

وانەی یەکەم: ڕازونیاز و پەسن‌دان .................... ١٩

وانەی دووهەم: خۆشەویستیی شوناس و نیشتمان.................... ٤٣

شیعرنامەکەی نالی .................... ٤٧

وەڵام‌نامەکەی سالم .................... ٦١

وانەی سێهەم: شانازی و هونەری شیعر .................... ٩٣

وانەی چوارەم: لاواندنەوە و دڵداری‌دانەوە و پیاهەڵدان.................... ١١١

وانەی پێنجەم: ئەوین و خۆشەویستی و پیاهەڵدان.................... ١٢٥

وانەی شەشەم: وەسف .................... ١٦٣

وانەی حەوتەم: حیکمەت و پەند.................... ١٧٩

ڕاهێنانی کۆتایی.................... ١٩٣

پێڕستی شیعرەکان.................... ١٩٧

سەرچاوەکان.................... ١٩٩

## پێش گوتە

### یەکەم

خوێندن و نووسین سەبارەت بە زمان و ئەدەبی کوردی هەر لە سەرەتاکانی خوێندنی ئاکادیمیکمەوە ئاواتێکی لەمێژینەم بووە. ڕەنگە ئەو دەمانە نەمدەزانی کە چەند خولیایەکی سەنگینم لە دڵایە؛ کەچی ئێستا کە «دەستی ڕۆژگار وەها سەری با داوم» کە بەشانازییەوە وەکوو خزمەتگوزارێکی بچووکی ئەم بوارە دەورم هەبێ، بەتەواوەتی هەست بە قورسایی ئەو بارە دەکەم و چاک دەزانم کە مێژوو چ ئەرکێکی گران و ئەڵبەت مەزنی خستووەتە سەر شانم. لە خودای دەهندە و دلۆڤان داوای هێز و گوڕ و تین و «قووەتی دڵ و قودرەتی ئینشا» دەکەم.

### دووهەم

هەرچەند دەکەم پێم ناکرێ خۆ ببوێرم لە دەربڕینی ئاخ و داخێکی قورس و ئاخ‌هەڵکێشانێکی قووڵ لە نەبوونی ئارشیڤ و نەمانی پێشینەی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبمان. کاتێ بەم لاو و بەو لادا دەڕوانی دەبینی میللەتانی خوداپێداو بە سانایی دەگێڕنەوە کە فڵانە بیرمەند و شاعیر و ئەدیب و زانایان، لە ساڵی ـبۆ وێنەـ ٥٨٣ی پێش زایین هاتە دنیا و لە فڵانە ساڵدا لە دنیا دەرچوو، یا لە فڵانە ساڵدا فیسارە کتێبی نووسی، واتە زێدەتر لە دووهەزار و پێنج‌سەد ساڵێک لەمەو بەر. وەکوو سوفوکلێسی یوونانی (٤٩٦-٤٠٥ پ.ز.) و ویلیام شێکسپیێر (١٥٦٤-١٦١٦) و ئیمرولقەیس شاعیری گەورەی عەرەب (١٣٠-٨٠ پ.ک.[١]) و ڕوودەکی (٢٤٤-٣٢٩ ک.م.). کەچی ئێمە لە دووسەد ساڵی ڕابردوومانمدا شاعیر و ئەدیب و زانایەکمان نیە ساڵی هاتنەدنیا و کۆچی دواییان بێ مشتومڕ زانرابێتەوە! مەگەر بەدەگمەن. جا چۆن جێی ئاخ و داخ نەبێ!

---

١. واتە پێش کۆچی پێغەمبەر (د.خ.).